# پاسەوانیکردن (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان) لە ڕۆژ وشەوێکدا خێرترە لە ڕۆژووگرتن وشەو نوێژکردن بە درێژایی مانگێک، ئەگەر مرد (لە کاتی پاسەوانیکردندا)؛ ئەوا پاداشتی کردەوە چاکەکانی وەردەگرێت بە شێوەیەکی بەردەوام، ورزق وڕۆزی پێدەبەخشرێت، ولە تاقیکردنەوە وفیتنەکانی ناو گۆڕ دەپارێزرێت

لە سەلمانی فارسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پاسەوانیکردن (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان) لە ڕۆژ وشەوێکدا خێرترە لە ڕۆژووگرتن وشەو نوێژکردن بە درێژایی مانگێک، ئەگەر مرد (لە کاتی پاسەوانیکردندا)؛ ئەوا پاداشتی کردەوە چاکەکانی وەردەگرێت بە شێوەیەکی بەردەوام، ورزق وڕۆزی پێدەبەخشرێت، ولە تاقیکردنەوە وفیتنەکانی ناو گۆڕ دەپارێزرێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پاسەوانیکردن (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان) لە پێناوی خوای گەورەدا خێرترە لە ڕۆژووگرتن وشەونوێژکردن بە درێژایی مانگێک، وئەگەر ئەم پاسەوانە (موجاهیدە) بمرێت ئەوا پاداشتەکەی هەردەمێنێت وبۆی دەنووسرێت ولێی ناپچڕێت، هەروەها ڕزقی پێدەبەخشرێت لە بەهەشتەوە چونکە ئەو زیندووە لە لای پەروەردگاری، وڕێزلێنانێکی تایبەتی پێدەبەخشرێت ئەمیش ئەوەیە کە دوو فریشتەکە نایەن پرسیاری لێبکەن چونکە ئەو بەهۆی تێکۆشان وپاسەوانی کردن لە پێناوی خوای گەورە مرد یان کوژرا، پاسەوانیکردن بۆ پاراستنی مسوڵمانان بەشێکە لە جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورە وئەمیش بریتیە لە مانەوە لە شوێنێک بۆ پاراستنی مسوڵمانان لە سەر سنووری سەنگەری نێوان مسوڵمانان وکافرەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2752